# ببن بە تیشک



دڵشاد محەمەد ئەمین



k
Ktebi Pdf

# ببن بــه تیشـــك

دڵشاد محەمەد ئەمین

١٩٧٧ ز

چاپخانەی کامەرانی ـ سلێمانی ت ،،٢٣٥٠٨٠،،

# باوابێ

یەکەم کۆمەڵە شیعرێکم سەرەتای ساڵی ١٩٦٨ چاپ کرد بەناوی « فرمێسکو زەردەخەنە » وە هەنگاوی یەکەمی سەفەرەکەم بوو لەژیانی شیعردا ، دوای ئەو کۆمەڵە شیعرێکی ترم ئامادە کرد بەناونیشانی ئاسک بەئومێدی ئەوەی سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ بەچاپی بکەیێنم « ئاسک » هەر دەژمێردرا بەشێتێک لەهەنگاوی یەکەمم . حەزم دەکرد خوێندەوار بزانێ چۆن قۆناغی یەکەمی شیعردانانم لەدەروازەی خۆکۆڕینێکی نوێدەدا بەڵام بەداخەوە « ئاسک» لەنێوانی گیرفان بەتاڵیی منو مەخزەنەکەی چاپخانەی ڕاپەڕینو هەندێ بکرەو بەردەی ناوەڕاستی ساڵی حەفتاو چواردا وون بوو بەوون بوونی بەرهەمی شەش ساڵ کریانو پێکەنینی منیش وون بوو بێ ئەوەی بزانم کەوتە کوێوە .

کەرچی هێشتا دەستم لەدۆزینەوەی نەشتووە وەك هەموو دایکێکی منداڵ بزربوو بەڵام ناچارمام بەشــی سێیەمی شیعرەکانم لەم دیوانەدا بخەمە بەردەم خوێندەواران کەئەم بەشـە دەژمێردرێ بەقۆناغی دووەمی ژیـانی شیعریمو تەواوکەری هەنگاوی یەکەمن . لەکاتێکدا ئێستا شیعرەکانی قۆناغی سێیەمی شیعریم ئامادەن بۆ چاپ کەواتە نۆرەی ئەوە هاتووە ئەم شیعرانەی بەردەست بەهەموو ناتەواوییەکانیانەوە پاڵیان پێوە بنرێو ڕووناکی ببینن‌و ببن بەتیشك پێش ئەوەی وەك ئاسك یان لێ بێ .

**پێشکەشە بەوانەی دەبنە تیشک**

دلشاد

## « گۆنگرێسی چاوەکانت »

چاوەکانت . . دوو هۆڵی گەش و ناسکن
کۆنگرێسی خەمی هەموو جیهانیان
تیا گیراوە
لێوەکانت . . دوو قردیلەی ئاڵ و تەنکن
گەورە ترین چەپکە خەمیان
پێ بەستراوە
ئەی خەمەکەم
لەپەرستنی چاوو دەم
مەحاڵە ڕۆژێ کۆڵ بدەم
چونکە من وەك . . سەرۆکێکی هەمیشەیی کۆنگرەکەم
چونکە من وەك . . ئینجانەیێکی چەپکەکەم
بەو دوو چاوانەت . . دەبینرێم
بەو دوو لێوانەت . . ماچ دەکرێم

## « خەوی سەوز »

لەوەتەی تۆم خۆش ویستووە
خەوەکانم . . سەوز بووە

هەقمە بگریم . . لەچاوەکانما سەوز بووی

بۆ . . گریانی من نەبوایە

تۆ بەبێ ئاو کەورە نەبووی !

* * *

پەنجەکانم تینوویانە

دەست مەنێ بەڕوویانەوە

بابیان گێرم بەرەزی قژی خاوتاو

نەڕۆنەوە

تا تێر عەتر ئەخۆنەوە

* * *

بۆ . . بێ لەو چاوە کاڵانەت

چی شك ئەبەم . . !

لێم مەپرسە . . بۆچی هاتووم

وەك کۆترێکی لانەواز

تەرەو ماندووم

هاتووم لەناو چاوەکانتا

تێر تێر بنووم

تێر تێر بنووم

ئاب ـ ١٩٧٤

« پێشکەش کراوە بە حەمەی نێرگز »

# « لیستەی کورتەی دەنگ‌و باس »

« کریسمسی ١٩٧٣ »

- « ئیستکەی شیعر » -

سەری ساڵە

تەنیا بۆ کورتەی دەنگ‌و باس

سەرم قاڵە

بابە « ئازار » نا - بیوورن - بابە نوێل

باسووقی شیعری هێناوە

بەڵام کۆرپەکانی دڵم

زمان‌و لێویان سووتاوە

* * *

- « فەلەستین » -

سەری ساڵە

« بابە - دایان »

میوانی تو بەرێ دەکا . . بۆ چادرەکان

بێوەژن چەك لەشان دەکا

گەردە لوول بەفرو سەرما

لایلایەی منداڵان دەکا

مناڵەکان تینووی . . « یەکێتی‌و دڵسۆزین »

بەڵام . . ئەی کوا . . !

- « ئەریتیریا » -

سەری ساڵە

کێ ئاگای لەکڕوکاڵە

ئاسمانی پێست ڕەشەکان

ئاوی خوێنی سووری باران

لەوە زیاتر . . نەکەیشتە ئیستکەکەمان

*        *        *

- « ڤیتنام » -

سەری ساڵە

کوڵی زام لە لەش دراوە

هیچ کەس نەنوێ

« بابە - نیکسۆن »

نوقڵی قوڕ قوشم دەهێنێ . . بۆ منداڵان

مقەستی تەڵاشی بۆمبا

کۆی مەمکی سرکی دەقرتان

چاوی تیژی مناڵەکانی دەسووتان

کەمباییەکانی ئاسمان

کەوتبوونە دروێنەو سەر بڕینەوە

کەچی هەر نەی بڕینەوە

ـ « ئەمەریکا » ـ
سەری ساڵە
سەرمایەدار لە ناوپێکی شەمپانیادا
فەرمان دەدا :
« یادی عیسا :
ئەهێڵن ڕەش لەگەڵ سپی . . جەژن بکا . .
خێرا بروسکە یێك نووسرا :
« ئەی چەتە ڤێتنامی یەکان . . لەبەر عیسا
لەبەر خاتری ساڵی نوێ . . باشەو ڕۆژێ
شەڕ ڕاگیرێ »
کە هاتەوە . . لێ ی نووسرا بوو :
« دامو دەزگای ئیمپریالی . . تەنها ساتێ . .
شەڕ ڕاناگرین . . .
باعیسابێ . . تفەنگێکمان بۆ هەڵگرێ ! »

* * *

ـ « ئەتەوە یەککرتووەکان » ـ
سەری ساڵە
« با بەنۆیل » بەرگی خاکی لەبەردایە
دلسۆزی چەوساوەکانە
لە جێ ی نوقڵ ، مافی پێ یە بۆ منداڵان

« بابە نۆیل » ئاگاداری هەموو حاڵە
بەڵام ئایا . . مرۆڤایێتی لە ماڵە ؟ !

* * *

- « كوردستان » -
سەری ساڵە
لەم خاكەدا . . . . . . . . .
. . . . . . . . . . .
. . . . . . . . . . .
. . . . . . . . . . .
پلەی سەرما . . سیازدە لەژێر سفرەوەیە
سیازدە شوومە
لەبەر شوومە / سەرما / بەفر
قوتابخانەكان داخران
شەرم تاڵە . ئای كە تاڵە

كانوونی٢ /١٩٧٣

## « مەرگ کڵۆڵە »

کە شەو دایەت ، من وون بوونیم
بەڵام وون بوون دەزانیٚ چیم
وون بوون جیٚ پیٚم هەڵدەگریٚ
وون بوون سەرە ڕیٚم پیٚ دەگریٚ
بەڵام منی . . شیٚتو دڵدار
منی بیٚزارکەری ئازار
منی « مردن » لیٚم هەڵهاتوو
منی « خەفەت » بە « غەم » کوشتوو
دەزانم کیٚم / دەزانم ڕیٚم
دەزانم ئەنجام و دوا جیٚم .

* * *

تۆ ئەی مەرگی سەرە ڕیٚگەم
دەزانم تو دروێنەی گەردنم دەکەی
بەڵام ئەی خۆت . . لە دوای مەرگی من چی دەکەی ؟ !
لەزەت لەبرینی سەری
کیٚ ی تری وەك من . . وەر دەگری . .
پیٚکەنینی بەداسی دەستی ڕەشت بێ
قورت بەسەر . .
لەدوای مەرگی من چی دەکەی ؟ !

« مارت ١٩٧٦ بەغدا »

## « هەمووتـان »

غەمخۆرەکان . . گریاوەکان
من هەمووتـان . . بەهەنسك و بەفرمێسکی
خۆم دەزانم

* * *

ڕەنگە پلوسکی گریـان بم
بەڵام کێلکەی چاوەکانم . . ئاگر دەگرن
ڕەنگە گەردنی زووخاو بم
بەڵام چرای سێیەکانم . . پرشنگ دەگرن

* * *

. . . . . . . . . . .
. . . . . . . . . . .
. . . . . . . . . . .
. . . . . . . . . . .

مارت ـ ١٩٧٣ سلێمانی

# « فەرهەنگی ئەندێشمە »

ئەی تیشکی خۆر
بەپەنجەرەی زامەکانما
بەپەساپۆرتی ژانما . . رابپووره
پرچی « ئایشێو فاتمە » کەی من
رەنگی سووره .

✖ ✖ ✖

ئەی لاوازە رەنگ زەردەکان
ئێمە کەمان دەگەینە جێ . . رێگە دووره
هەنسکی رێ . . بێ سنووره
بەڵام رێبواری ئەم رێیە رووی سوورەو
هەر رەنگی سووره

✖ ✖ ✖

روو سوورەکان
بەپوولەی گشت زامەکانتان
لەنێرگزی شیعرەکانم - مارە دەکەم
بەفەرهەنگی ئەندێشەکەم
بۆ ئەندێشەی ئێوە دەدوێنم

- مارت ١٩٧٣ سلێمانی -

## « گریــان »

ئێسك سووكە نەشمیلەكەم
لە نامەكەتـا . . نووسیوتە :
« تۆ پیاوێكی بەجەوهەری . . تۆ شاعیری
بۆ چی دەگری !
كەر هاتوو دەستە خوشكانم
ڕۆژێ گریانی تۆیان دی
وەڵامیان چۆن بدەمەوە ! ! »
ساكارە خۆزێن شیرینەكەم
گریانی من بارانێكە . . نێرگزو گوڵی سوور دەگرێ
ئینجا دەبێتە دەریایێك . . سۆزو شیعر
« هیوا » تێر تێری لێ دەخوا
« بڕوا » خۆیی تیادا دەشوا
گریانەكەم لەگەڵ هۆگ (۱) دا هاواردەكا
ـ « پەیمان . . پەیمانە تـا دوایت
بتەكانتان پێ شێل دەكەین
داسی مەرگ لەدروێنەی مرۆڤ دەخەین
بەبازوومان لەتەختەی سێدارەكانتان
كورسی خوێندن . . بۆ منداڵان دروست دەكەین » .

حوزەیران ـ ۱۹۷۳ سلێمانی

---

(۱) كلۆفیس هۆگ شاعیری مەزنی كۆمۆنەی پاریسە دێرەكانی كەوانەی دوایی شعری ئەون

## « گۆرانی دوا خەوم »

کورپەی نازیز
چاو . . لەفرمێسك . . بێدرای ی دەبێ
بێداری . . لەژان . . غەمخواری ی دەبێ
غەمخوارێ . . هەموو وەرزەکانی « دێر »
لەناو چاویایە
بروسکەکانی لەهەنگاو دایە
هەتا مەیموونی . . هەموو دورکەکان
نەکا بەئینسان
هەتا بەیبوونو . . گوڵە سوورەکان
نەکا بەدیوان
گوڵ ناپشکوێتو ناچین بۆ کوێستان

* * *

کورپە جوانەکان
زستان . . لەپایز . . بەهاری دەبێ
پایز . . لەبەهار . . ڕێبواری دەبێ
ڕێبوارێ لەگەڵ دەست زبرەکاندا
ڕێگای دوور دەگرێ

لەگەل بازووە ئەسمەرەکاندا

ڕێی سنوور دەگرێ

هەتا سنووری دورگە دوورەکان

تێکەڵاو ئەکا .. بۆ هەموو ئینسان

ترسی درنجە بەرچاو برسییەکان

بەجێی ناهێڵێ .. سیمای خەوەکان

حوزەیران ١٩٧٣ سلێمانی



# « بـــۆ جیـاین ؟ »

ئەی قازە دۆست . . دەستم بگرەو شەرم مەکە
دەمێ ســاڵە ئێمە یەکترمان ناسیوە
لەگشت شوێنێ دەمان ناسن
دارو گوڵو گیای باخەکان
باڵندەکانی ئاسمانی
شــاری بەغدا ـ سلێمانی
کووچەو کۆشەو دیوارەکانی زانستگا
ئۆتۆمبێلەکانی ڕێگا . دەمان ناسن

*　　*　　*

بەهاری هەموو شــارەکان
هەواری گشت سەیرانگاکان
سواڵکەری سەرشۆستەو تەختی شەقامەکان
کتێبی نامەخانەکان
ڕێبوارو نامەبەرەکان . . دەمان ناسن .

*　　*　　*

بەڵام . . لەهەموو شوێنێکدا لەیەکمان دوور دەخەنەوە
دانیشتنمان دوو کورسی یە
نــان خواردنمان دوو دەوری یە

هەر یەك بەدەستی خۆی دەخوا
هەریەکە بەپێی خۆی دەڕوا
مرۆڤەکان بەدوو چاو تێمان دەڕوانن
بەدوو کەسیش دەمان بینن
بۆ من لەتۆو .. تۆ لەمن دا
ئەتوێمەوەو .. ئەتوێیتەوە !
بۆچی وەها لەیەك دووربین !
. . . . . . . . . . . . .

* * *

هەر دەتکەمێ .. گەرچی ئێستا
کاتێ بەرەو ڕووی تۆ .. هەنگاو دەنێم
زیاتر دوور دەکەویتەوە
دەڵێی زەوی نێوانمان - دەکشێتەوە !
دەڵێی چەرخی سەعات بۆ پشتەوە دەخولێتەوە !
ئەی غەمەکەم .. هەر دەتکەمێ
ئەمجارەیان - بەجیا لەدایك نابین
بەجیا نامرین ...
هەر دەتکەمێ .

تەمووز - ۱۹۷۳ بەغدا

# « پێش یاخی بوون .. بەچەند ساتێ »

- برۆکانت .. دوو شەپۆان .. تریفەی چاو ..
بەخشیوونی بەجێ نیشتەی پەرچەمی خاو
قژی لاجان .. خاوو پەخشان .. لەسەر گۆنا
چەند دێڕێکن .. وەك شیعری جوان .. لەدیوانا
- بەڵێ جاران ئەو گۆرانییەت .. بۆم دەچڕیان
بیرت ماوە
- بەڵێ خاتوون ..
پەشیمان نیم لەو هەنگاوە .
- ئەی بۆ ئێستا وەك جاران نیت
لەمن وایێ .. دڵداریت لەبەر چاوکەوتووەو
منت ناوێ
- بە پێچەوانەوە ئێستا زیاد لەجاران
خۆشم دەوێی
جاران دەمویست تەنیا هاوڕێی ناو جێگام بی
بەڵام ئێستاکە دەمەوێ ، هاوڕێو ڕێبواری ڕێگام بی
. . . . . . . . . . . .
. . . . . . . . . . . .

نیسان - ١٩٧٣ بەغدا

# « کوف لو کون »

له مێژەوە بەشەق لەدەرگاکان دەدەن

هاوار دەکەن « کێ پیاوەکێ ؟ کێ لەماڵە ؟ »

لەودیو . . دەنگێکی کزۆلە . . بۆی دەلەرزێ

- ئەرێ قوربان پیاوت دەوێ ؟ . . ئەمەحاڵە

ئێمە پیاومان ـ کەی لەماڵە !

« شوکرو موکر . . ئاگرە سووورە

لێمان دوورە »

دەنگیش ئەوسا نێرەکەری

فەرمانەکانی دەردەکا

- دەرگاکانتان سەرکلۆم کەن

- منداڵەکان ـ سەرەتاتکێی کۆڵان نەکەن

- دەست لەکڵاوەکان . . بەرنەدەن

- ئەمە بریاری ئێمەیە

« نان کردنەوەش لەسەر تەنوور

قەدەغەیە »

* * *

من ئەوساکە

لای کابرایەکی تەختە تاش . شاگردێ بووم

بێنیم خەڵکی پێویستی یان ، پەنجەرەیە
کەچی وەستا
تەختەکان دەکا بەردەرگا
ئەیویست دەرگا . . لەئێسکی خەڵك
دروست بکا .
کاتێ زانیم وەستا کەرە
من ئێسکیم کرد بە « پەنجەرە »
سەرکلۆس دەرگام شکاند
تۆپم دایە دەست منداڵان
زۆر بەیانم کردە کۆڵان
شاعیرێکم - هەر ئەوەندە لەدەست من دێ
سیحر بازنیم . . هەربەتەنیا « کوف لەکون » ێ
گەرووی هەموو تەندوورەکان
پڕکەم لەنان

* * *

وەسیەتێکم هەیە بۆنان
ئەگەر ڕۆژێ . . ڕەخنەگرێ
لەدەرگای شیعرەکانی دام
بێ تێ گەیین . . بەپۆستاڵی قەڵەمەکەی

کوڕو کچەکانی شیلام

وتی : ئەم شاعیرە لەسەرەتا پێ دەکەنی

بەڵام داوایی بەرگەی نەگرت

گەر وای فەرموو .. ڕەخنەگرێ

بابیووری

لێی بێنە جواب

بڵێن جەناب

تۆ لە حەوشــەی

گەر ووردبینی .. گەر دەتوانی

بچۆ ژووری .

تەمووز ١٩٧٣ بەغدا

# « ملیم ملیم »

ڕۆژو مانگو ئەستێرەکان
پڕشەو کاکێشی .. ئاسمان
هەموو زەوین
ئاسمان زەوی سەرەوینە
یەک زەوی .. ئەنجن ئەنجنە

* * *

دەستگیرانێکم هەیە من
ملیم ملیم هەموو لەشی خولقێنراوە
بۆ پەرستن

* * *

باوانەکەم .. سەرسام مەبەو مەڵێ :
ـ دلدارێکی شێتو وونە
کاتێک دەڵێم :
زەوی دەستگیرانی منە

تشرینی دوو ـ ١٩٧٣

# « برووخێ ئۆقرەی بەندەرەکان »

لەباخەڵما . . ئۆقرە دەکری . . وەك کەرویشکی

پەنجەی یاریم . . ئارەزووەکانت . . دەپێکێ

لەسەر سنگم - خەوی لەزەت دەتباتەوەو

بەچی دەچێ

کەمن لەناخەوە ئۆقرەم . .

لەبێ ئۆقرەیی‌دا بکری ! ! !

* * *

ئۆقرە دەکریت‌و دەکەیتە . . هیواکانت

بەڵام گرێکانی ناومن

بەخۆ خواردنەوە دەمکوشن

ووردم دەکەن . . دەمهاڕن . . ئەنجن بەئەنجن

بەم گەردوونەدا . . دەم پەخشێنن

وەك ستارەی ووردی کاکێش

گرێکانم دەبەن بۆ ژان . . دەبەن بۆ ئێش

* * *

تۆش وەکو هەموو ئەوانەی

لەزەتەکانیان « سنوور ) ی و خۆ بۆ خۆین

« هیوا » کانتان ، ماسی‌یێکی کوێ بەندەرین
ئێوەی کە بۆ بەندەر مالین
نەفامی‌یە / ساکاری‌یە / گێلی‌یەکانتان . .
تۆرێکی ووردی گوناهین
دەتان بەنەوە بۆ ئۆقرەی بەندەرەکان .
ماسی‌ی هیواکانی منیش
لەحوکمی بەندەردا . . دەرچوون .
هەتا زووە . . دەستم لێ بشۆ . . ئەی خانوون
تازە کەس نی‌یە بتوانێ
بمگەڕێنێتەوە بەندەرە
ساختە / کۆنە / ووشکەکانتان
هەر ڕووبارێك دەبم هەرچی خەمتان هەیە
وەکو یاقووت دەیگرمە بن
تا دەیان کەمە « سەرمایە ) ی
بنکەی لاوانی لەمەولا . . دەست پێکردن

١٩٧٥ ـ هاوکاری

# « هۆڵی خوێندنەوە »

بەدەفتەرەکەی دەستتەوە
دانیشتووی بۆ خوێندنەوە
ئاگاداری . . لەپەڕەی مات
کاتی خوێندنەوە چی لێ هات ؟ !
خاتوونەکەم ئەو دەفتەرە
لەخۆشیدا ئاڵ هەڵگەڕا
هەردەت ووت جنسی بەشەرە
کاتێ بەچرپەی لێوەوە
بەدەم نیگای خوێندنەوەوە
ڕانتی بۆ بوو بەجۆلانە
ڕوانی لەو نیگارە جوانە
خەریك دەبوو لەخۆشیدا
نم - ی نەشتەی عەتر دەردا

*   *   *

سەرێ هەڵبڕە خانمەکەم . . وام حساب کە
منیش شێوە دەفتەرێکم
دێڕ دێڕ بووم بۆ چرپەی لێوت
پەڕە پەڕە بووم بۆ نیگات

جوانێ سەرێ بەرزکەرەوە
وەك ئەو خوا پێداوەی دەستت
کە هیچ نەبێ لەدوورەوە
جارێ وا بمخوێنەرەوە

حوزەیران - ١٩٧١ نامەخانەی مەرکەزی بەغدا

## « نەکەی .. نەکەی »

ڕێبوارێکی ئاوارە بووم .. لەشەوی پرچەکانتا
خاڵێکی ڕەشی وورد بووم .. لەسەر ئەو کۆنا جوانە
ماسیێکی بچووك بووم .. لەدەریای چاوەکانتا
خەندەیێکی گەرم بووم .. لەنێوان ئەو لێوانە
لەپاش چوار ســـاڵ
چوارســـاڵی پڕ خەوو خەیاڵ
ژیانی تـاڵ
هیواکانی خستمە ژێر باڵ
ڕێبوار .. وون بوو .... خاڵ بزرکا

خەندە . . زەرد بوو . . . . ماسی خنکا

- ئەی ژینی چوارساڵ سەربڕراو

ئەی نائومێدی ئەقڵ خاو

نەکەی . . نەکەی . . نەکەی ڕۆژێ لەیادی کەی

نەکەی . . نەکەی . . نەکەی ساتێ لەیادی کەی

✱ ✱ ✱

خۆشم دەوێت . . وەکو دەمویست

ئێستاش دڵم . . لانەی یادی ئەوی تیایە

بۆیە کەمن نای ڕووخێنم

ئێستاش ژینم . . نامەی باسی ئەوی تیایە

بۆیە کەمن نای سووتێنم

هیچ شك نابەم . . جگەلەوەی

یەك گۆرانی بۆ ڕێك دەخەم

هەرشەیە . . لەهەموو ئەم کەونەی دەکەم

- نەکەی . . نەکەی . . یادی چوارساڵ لەدڵ دەرکەی

نەکەی . . نەکەی . . خۆشەویستی لەدڵ دەرکەی

✱ ✱ ✱

پاش ئەوەی کە نامەکانیم

بەدەستی خۆم هەموو دڕاند

پاش ئەوەی کە کچی مەیلیم

لەناکاوێکا توند خنکاند
کوانێ نامەی ئینجیلی چوارساڵ دڵداری !
کوانێ کۆرپەی مەیلی چوارساڵ بەختیاری !
ـ نەکەی . . نەکەی . . هەتاکوهەی . . لەیادی‌کەی
هەتاکو هەی . . نەکەی نەکەی . . لەیادی‌کەی

نیسان ـ ١٩٧١

## « نەء . . بێ سوودە »

نەء خانمەکەم . . زۆر بێ سوودە
بەدزی‌یەوە حەز لێ کردن
بەتەنیا قسەی زل کردن
بەچی دەچێ . . بۆ یەکتری هەتارە بین . .
بخنکێیت‌و نەمخۆیتەوە ، بخنکێم‌و تەنخۆمەوە !
من لێرەوە بتوێمەوە . . تەنیایی خۆم بجوومەوە
تۆش بەرامبەرم ڕابوری . . خواروی لێوی خۆت بەژێ
بەتیشکی دووچاوی برسی

پیاوەتی ناو ناخم بکوژی
بەهەنسکی بەحەز تاساو
بەپرشە پرشی برژانگت
بەلێو / برۆ / گۆنا / بەدان
قژم / چاوم / لێوم / دڵم
کاڵاو باڵام داکرۆژی
کرۆژتنم .. داکرۆژی
لەدوورەوە بۆ دوورەوە بتوێنیتەوە
ناشێ دەنگ کەم ، قیروسیا باسوێم بێتەوە .. !
لەبەر ئەوەی شاعیرێکی جوان پەروەرم
خانمەکەم .. قەینا شاعیرم .. شاعیرنیم .. نەء پێغەمبەرم
بەڵام خۆجنسی بەشەرم
دڵم هەیە .. مەیلم هەیە .. زیاد لەهەموو خاوەن مەیلێ
مایل بەگەشت و سەفەرم
هەموو ڕۆژێ وەك کەشتیەوان
.. لەڕەش و سەوزو شینی کاڵ
وێڵی دەریای چاوەکانم .. گەرم بێ سارد
تیایدا دەژیم
من کۆتری گوومەزی جووت مەمکەکەتم
قومری باڵا سەرووەکەتم

توند بمکوشه .. سەد خەوی « خۆزگە » بڕێنه
یەك غونچەی « ئۆخەی » بڵوێنه
شەرم مەکە لەسوزی سەر پەنجەکانم
جۆرێکە سوزی پەنجەی من ..
ئالی ئەخشێ شنەی نەرمی ..
لەش و لارێکی خوێن گەرمی ..
گیان لە ئارەزوو خولقێنراو
وانا خرۆشێ .. بەجۆرێ
کە ..
مێژووی لەشت بگۆڕێ .

ئەیلوول ـ ۱۹۷۱ سلێمانی

# « نازدارێك و هەژدە نەفەر »

ئەی نازداری نوستووی ناوپاس
ئاگادار نی . . لەو دڵانەی دەورو پشتت . . !
ئاگادار نی . . لەو ـ ئارام ـ انەی تۆ کوشتت . . !
کەوتوویتە ناو جیهانی خەو
چش لە هەژدەی وەك منو ئەو
بالێرەوە لەگەڵ تیشکی خۆری ئەم ئێوارەیەدا
بتولێتەوە

لەگەڵ وورشەی قژی کاڵت
لەگەڵ پێستی پەمەیی بێ خەتو خاڵت
وەك مندالی سەر کرو کاڵ
بەستە بلێین بۆ کولمی ئاڵ
ئاوات بخوازین بە « خەیاڵ »
ـ « لەبەر تریفەی مانگەشەو
کاتێ هەموو . . ئەو خەڵکەمان هێنایە خەو
لەسەر نەغمەی مۆسیقایە
دەست بخەمە ئەو کەمەرەی وەك مینایە
بلەنجین و . . سەمابکەین

تا . . لەش . . خاوەنی توانایە » .

بەڵام . . نازدار

ئەمانە هەمووی خەیاڵە

خەیاڵێکە . . وەك ئارەقی ئەو کژنایەی

لەکەرمەی تین و نەشئەدا . . دێتە خوارێ

وەکو شەونم . . لەکوڵم و کەردن ئەبارێ

کەچی کاتێ

فێنکێکی تۆزێ ئارام دێ

هیچێکی وای لێ نامێنێ

ئەو بارانە نەرمە ووشکە

ئەو کژنا گەشە ناسکە . . بێ پریشکە

وەك خەیاڵی هەموو ئێمە . .

دەڕوا

دەڕوا

تەنیا شتێ بەجێی بێڵێ

یادکاری ئەو خۆرەیە . . تا ئاوابوو

بەیەك خەندەی تۆ . . شاد نەبوو

ئەی نازداری نوستووی ناو پاس

ـ ئەوەی لەلای من مەبەستە

ئەوەی نی یە . . کەبتکاتێ . . ئەم دوو دەستە .

ئەیلوول ـ ۱۹۷۱ ڕێگای سلێمانی و بەغدا

# « نازداری جافـان »

تریفەی پێکەنینەکەت . . سەمفۆنی‌یەکە بۆ « سەما »
ئاوازێکە پڕ لەنەشئە . . کار لە دڵی مردووش دەکا
پێ‌بکەنە کەسێك شاد بوو . . لەباسی خەم بێ‌خەبەر بوو
ئەی مۆسیقای گەرووی ناسك ، کاتێ پێدەنگی بەسەر چوو
باشووشە عەتری بپرژێ ، زۆر بۆن خۆشتر لە « شانێل » ا
شادی بەزۆر بێنێتە دل ، وەك دەمی هەبێ‌و بانگ بکا
کە هیچ نەبێ ئەم ماوەیە مەست بین بەتریقەی بەسۆز
سوود لەم سانەمان وەرگرین ، وەك هەنگی ووریای شیلە دۆز

ئاب ـ ١٩٧٠ سلێمانی

# « بیرت دەکەم »

وەک چاوی کوێر بۆ بینایی
وەک لێوی ووشک بۆ تەڕایی
حەزم لێتەو
بیرت دەکەم
وەک سایەقەی پاشی باران
وەک پێکەنینی دوای گریان
وەک هەناسەی دەمی خنکاو
وەک تینوێتی « حسێن » بۆ ئاو
بیرت دەکەم
بیرت دەکەم وەک ڕۆژانی
باوەخوونی لێکبرانی
زاوا . . لەبووک
بیرت دەکەم
بیرت دەکەم

١٩٧٣

# « هـاوین ! »

لەهاوەلێکت پرسی بوو :
« کابرای دل بەرد . . کابرای دل سارد
ئەم هاوینەی چۆن رابووارد ؟ ! »

✱ ✱ ✱

ئەم هاوینە ! ! !
لە باخی یادگارتدا . . شەتڵ ببووم
لەئاستی نازی پارتدا . کلۆل ببووم
بەبێ ئەوەی پێم بزانی .

✱ ✱ ✱

لە شەوی چاوی تۆی بۆ من « بت »
چوار چار خۆم شت
هاتوچۆی دەرگاکەتم کرد
سەیتی دلی خۆمم پێبوو – دەخولامەوە
وەك شتێکی هەرگیز نەبوو . . پارامەوە
لەگۆڕی چوار سالی زیندوو
هەتاوەکو توامەوە
بەبێ ئەوەی پێم بزانی .

ئەم هاوینە . .

بەدەردێکی کوشندەوە گیرسامەوە

هەموو دڵۆپە فرمێسکێ

پارچەیەك لەدڵمی تیا بوو

هەموو گرمۆڵە هەنسکێ

پارچەیەك لە « سی » می تیا بوو

هەتا وەکو برامەوە

بەبێ ئەوەی پێم بزانی

* * *

بەڵێ ئەی جوان

کابرای دل بەرد . . کابرای دل سارد

ئەم هاوینەی . . وا ڕابوارد

- ١٩٧١ -

# « دارچین »

دوێنێ « خۆر » چەپکێ لەپرچی
لێ وون ببوو
ئەم بەیانییە کەتۆم بینی
بەقژتەوە .. پۆستەچێ بوو

* * *

دوێ شەو لەلای مالتانەوە
شەوکار کەمێ کاڵ ببوەوە
ئەمرۆ بینتم
چاوەکانت پێ رشتبوو

✠ ✠ ✠

دوو ئەستێرەی خنجیلانەی
جوان و ساوا
بەر شەوارەی چاوت کەوتن
بەرە بەیان .. جووتێ گوارە بوون
لە گوێتا .

✠ ✠ ✠

خانم هەر ئەم شیعرەم ماوە . ئەوا ئەویش بەفیدات بوو

ئەگەی پێم بڵێی « ئـامەوێ » ، بۆ نازێکت بێخەرەکار
ئەگەر هەر هیچ . . هەر هیچ نەبوو
بەو دەمو دانە ووردانەت . . لەجیاتی بنێشتی دارچین
کەمێ بێجوو .

١٩٧٢

## « ئەی جوان »

ئەی ناسکتر لەشیعری جوان
بەلەزەت تر لەتەزووی گیان
ئەی دلگیر تر لە مۆسیقا . .
ئەی جوان . . ئەی جوان

✠ ✠ ✠

ئەی ئەسمەری باڵا سەروو
چاو مەندی کەمێ خەواڵوو
پەروانەمو شەوارە بووم
لەبەر تیشکی چاوتا کەوتووم

ئەی سنگ بەرزی کەمەر باریک

تەسریحە وەك شەوی تاریک

ئەستێرەمو ئاوارە بووم

لەشەوی پەرچەمتا وون بووم

* * *

ئەی قسە ووردی لەسەرخۆ

دەمو لێو وەك نوقلە مێخۆ

پەپوولە بووم دەخولامەوە

بەلێوتەوە گیرسامەوە

* * *

ئەی سیحری ناز .. شێوە ئاسك

پووز کافووری لەنجە ناسك

ئازارێك بووم .. دەتلامەوە

لە لەنجەتا تووامەوە

ئەی جوان .. ئەی جوان .

ئەیلول ـ ١٩٧١

# ( چای تاڵ )

— ١ —

- بۆ بێدەنگی . . بۆچی وەها کپ و مەندی
قسە بکە . . شتێ بڵێ
هەرچی شتێ دەڵێی . . بڵێ
- دەمەوێ باسی تۆ بکەم . . بەڵام وشەکانی ئاخم
پێش ئەوەی کە بێنە دەرێ
لە نێوانی لێوەکانما . . سەرسامی دایان دەگرێ
- بم بەخشە . . خانم . . ئەمزانی
شاعیرێکی وا شەرمنی
- شاعیری و شیعرم بۆچی یە
تۆم بەسە . . تۆ شیعری منی
- بەڵام گیانە . . یەکێتی جوان ، تۆ شاعیری
گەر ڕازی نی . . ئەیناکە دڵی شاعیری
خانمەکەم تۆ دڵی منی
( بەیەك نەغمەی خۆش پێکەنی )
- من شاعیر نیم . . شاعیر ویستم
نابینی وا تۆی شاعیرم . . دەپەرستم !!

- هەزار ئەفسووس کەوا پێکەنین نانووسرێ
دەنا پێکەنینەکەت . . لەگەڵێ شیعر خۆشترە
لە زۆر ئاواز بەسۆز ترە

* * *

— ٢ —

( شاگردی یانەکە . . چاکەی هێنا . . کەمێ تاڵ بوو )

- کەمێ شەکر تێ کردووە . . کابرای چایچی سەری قاڵە
ئارام بگرە با پێی بڵێم . . چا ـ کە ، تاڵە
- گوێ مەدەرێ . . هەست بەتاڵی چا ـ کە ناکەم
چونکە کانی قوم لێدانی . . تەماشای چاوی تۆ دەکەم
تەماشای لێوی تۆ دەکەم

- دیسان خۆم و شاعیرێتیم . . گز دەبینم
بەرامبەر بە گفتەکانت دادەمێنم
بەرامبەر شیعرەکانی تۆ . . من هەر هیچ نیم
- چۆن دڵت دێ !.. هەرچی قسەیەك من دەیکەم
هانا بۆ مەیلی تۆ دەبەم
خوریەم لەتۆ وەرگرتووە
ئەوەی دەیڵێم . . شتێکە ـ کەم . .
. . لەوەی لەتۆم وەرگرتووە
- دەخیل خانم . . چ ڕەوان بێژێکی گەورەی !!

بەرامبەر تۆ هەموو شتێکم بیرچووە
دەخیلە تۆ لەکوێ دەرچووی ! چیت خوێندووە ؟ !
- هێندە چاوی تۆم خوێندووە
هێندەی مەیلی تۆم خوێندووە
ئەوەندە هیچ کتێبێکی پیرۆزی کەم . . نەخوێندووە
خۆتت بۆچی لەبیر چووە
تۆ بەرگ و زنجیری زێڕی
قورئانێکی بەخشراوی
بەگەردنما هەڵواسراوی
لە نێوانی مەمکەکانما . . دانراوی

تێبینی : دیالۆگەکانی ئافرەتەکە هی خاتوونێکی هاوڕێ قوتابیم بوو تەنیا هەندێ دەستکاری هونەریم لە فۆرمەکەیدا کردووە .

- یانەی کۆلیجی ئاداب - بەغدا ١٩٧١ -

# ( سلۆ Slo )

ئەی پەری‌ی نازکەرمی ناسکۆلەی ڕوونەخشین
ووردیلەی ساکاری نەرمۆلەی نازەنین
بانەمشەو مۆسیقای ئاوازی ناخی گەرم
لای بدا مەندیێتی پەردەی ڕوو - ئالی شەرم
تابەدەم لەنجەوە ڕوومەت‌و لێوی ووشك
تێر ئاودەم بەئاقکەی پەرچەمی بێ پریشك
تۆش دەستخە ناو دەستم با پەنجەێ تینووی من
گولاوی ئارەقی ناو دەستت هەڵمژن
تا دەستم لە کەمەر بئالێ بۆ سەما
لەپی دەست مەڕمەڕی نەرمی خوا . . زیارەت کا .

* * *

پێستی لەشی پەمەیی . . نەغمەی ڕاز شەرماوی
خەندەی لێو عەتراوی . . تیشکی چاو سیحراوی
ئەوەی تۆ شەرم دەکەی . . کەبیلێ‌ی . . شۆخی جوان
پێنج پەنجەی کوشراوت لە دەستمی زووکەیان

* * *

مۆسیقا وورشەی ناز لەچرپەی تۆ دەدزێ
تیشکی شەم . . بەیەك چاو دەڕوانێ‌و دەلەرزێ .

بۆیە من پەیوەندیم لەگەل ئەم عالەمما
لە ( سرپە ) ی یەکەمین وەتەرا بەجێما

* * *

خانمەکەم . . جار جارێ سەری ناز هەڵبڕە
بەو چاوە مەستانە . . تاپۆی خەم سەربڕە
لێت دووربم . . یابمرم مەحالە . . چونکە من
لە دڵتا جێم هەیەو بەهەشتی ی . . نامرن

شوبات ۱۹۷۱

# ( ڕۆمانتیک )

ئەی تاڤگەی ڕەشی تەسریحە
ئەی تاریکی ی شەوی ڕژاو
ئەی بارانی عەتراوی ی خاو
ئەی گەردەلوولی داهێنـــراو
بەس بیشارە گەردنی
خنکام . . بۆ پرشەنێک هەتـاو

* *

ئەی قردێڵەی سەر تەسریحە
تەوقەی زێڕکەفتی جوانی سەر
ئەی مانگی تەنیای دەربەدەر
ئەی کەشتیی سەر شەپۆلی قژ
چەند بێ هۆشی . . مەستی . . بێ ڕووی !!
دەبەسی بکوشە گەردنی تەسریحەکەت
من لێرەوە ئەوا خنکام . . سنگم توند بوو
دەست بەردە . . بۆ خاتری خوا . . ناسکەکەوو

* *

ئەی جووتێ گوارەی نارنجی
ئەی دانیشتووی کەژاوەی نەرمی پەمەیی
لە ماچێکی وەها نوقمی
زەرد هەڵگەڕاوی وا ئەمری
هێندە نەرمی گوێیت مژی
ئەوا شێت بووم . . بەداخەوە بۆ دەمکوژی!

* *

ئەی قەڵەمی هەناسە ڕەش
ئەی ماچکەری دوو چاوی گەش
بەس پەرەی گوڵاڵەی پێڵوو . . ماچکەرەوە
کلیان ناوێ . . خۆیان ڕەشن . . بەسە لە کوڵیان بەرەوە
لەغیرەتدا . . من لێرەوە . . وا دڵم هاتە دەرەوە

ئەی دوو چاوی نیوە نوستوو
ئەی دوو ئەستێرەی خەواڵوو
بۆ کەوتوونەتە باوەشی .. جووتێ برۆی ڕەشی .. تاریك
تۆ ئەی برۆ .. ئەی دووچڵ ڕێحانەی باریك
چیم ئێ‌دەکەی .. ! لەبەر دەمتام ..
بەس تکایە .. بەرەڵایان کە .. وا سووتام

*　　*

ئەی لۆکەی پۆدرەی گۆنا
ئەی هەوری پەمەیی شەیدا
کەم خۆت هەڵسوو لەو کوڵمانە
دڵی قینووم ئەوا خنکا
من تازە گیانم .. لە دەست چوو
دڵ کە ناڵە .. خۆڵی کاڵە .. تووبی خووا
لەجێی پۆدرە .. وەربگرە
... بەسە ڕاوەستە .. هەی برسی
ڕۆحم دەرچوو .. لە تکاکەم بۆ ناپرسی ؟ !
لای خۆت لۆکەی ! !
چەند دڵ ڕەقەو ئیسك قورسی

*　　*

ئەی ڕووچی لیو .. ئەی غونچەکەی غونچە پەرست

ئەی زمانی پەمەیی شێت
هانام هانی . . بەس دەمی وەك شووشە عەتری
بلێسەوە
ئەوا تەقیم . . سوێم بووەوە

* *

ئەی بزیەی نینۆکی پەنجە
ئەی فرمێسك ئاڵی عەتراوی
ئەی خوێن تواوەی وورشاوی
ئەی گڕ شلی بریسکاوی
هاوار ئەکەی بەفتیلەی گڕ
دایکرسێنێ (دە) پەنجەی وەك کافووری چوڕ
ئەکەی ئامان . . بەسە دل بەرگە ناگرێ
دەم پێکەوە گڕ بگرێ (۱)

* *

ئەی عەتری شووشەی کریستاڵ
ئەی ئاورنگی تەڕی بەهـار
ئەی فرمێسکی چاوی نـازدار
ئەی ئەرزەی گەرمی . . پرشنگدار

---

(۱) سیمای شیعرێکی نیزار قەبانی تیادایە

هەر تۆماوی خۆت بنوێنی
بڵێم .. نەڵێم ، تۆش ئامادەی
کە خوێنی خۆت بڕژێنی
بەس تکایە زۆر نەرم بە
سینەو گەردن نەڕووشێنی
لە خەفەتیا .. نەم فەوتێنی

* *

ئەی خورپەکەی کیانی شـیعرم
هەستم دەرخە .. پێویستم پێتە
تابلۆیەکە نازداری کورد .. شەفافی تر لە
« ڕۆمانتیک »

بەڵام ئەفـسوس .. من بۆ ناکەمە مەبەستم !
شیعری وەسفی ووردم .. وورد کرد
خەیاڵی جوان .. بەرگەی خەیاڵمی نەگرت
بەهرەی شیعرم بۆ تۆراوە !
بۆ لە ناخا .. کیانم دەخوا ...
کەچی لەسەر کاغەزەکەم ـ تا ئێستا
چارەم نەدیوە ! !

شیعری بەرگەی هەستم بکرێ
بۆ تا ئێستا . . نەم نووسیوە ؟!

کانوونی ٢ ـ ١٩٧١
( میهرەجانی یەکەمی شیعری بەشی کوردی
لە کۆلیجی ئاداب ـ زانستگای بەغدا
لەهۆلی ( ساطع الحصری ) خوێندرایەوە
١٩٧١

## ( خەمی بێ‌سەر )

ئەی خاتوون . . بەژن جوانی ( سیما ـ بەری )
ووشەی شیعرم . . بەرامبەرت وەك پەری
کە ( ئافتەی بێ‌باکی ) ت دەکاتە بەری
لە خۆشی‌دا . . نوقم دەبێ‌و دەگری
« ئافتەی بێ باکی » ی تۆ ئاکۆرێتەوە
بەوەی « جەلسەی باوەش » دەکاتە بەری

✱ ✱ ✱

بەژن جوانی « سیما ـ بەری » مناڵکار
خزمەتم من . . بەحسابی کەس‌وکار

بەس درۆیە - چۆن دەڕوانم . . شتێکی
بۆ دڵی من . . دۆستێ ، کەسێ ، خوشکێکی
گشت خەمە ناسکەکانمت لەبەردایە
وەك لە نیکام دروست کرابی وایە

✠ ✠ ✠

دڵگیرمەبە . . مانا - م دەبێتە . . شەرم
بێ باکانە دانیشە بەرامبەرم
سڵ مەکە لێم . . بەژن جوان ، من سێبەرم
من ڕێبواری ڕێی خەمێکی . . بێ سەرم
« وەی » م « خۆم » بەدیاری بۆ « خەم » بەرم .

ئاب ١٩٧٣ بەغدا

[ لەسەر کێشی « خاوکەر » دانراوەو
پێشکەش کراوە بەهاوڕێم ]
( ڕەووف حەسەن )

# « دڵ ڕاگرتن »

ناسکۆڵە خەنجیلانەکەم . . بافێر ببین

چۆن . . دڵی یەکتر ڕابگرین . .

✱ ✱ ✱

خاتوونە نەشمیلانەکەم

خەم ـ وەك دڵی تۆ ناسکە

لەناو دڵۆپی فرمێسکدا

دەتوێتەوە .

خەم . . وەك شیعری من ناسکە

لەپرشنگی پێکەنیندا

دەتوێتەوە

گەر خۆشەویستیم ڕادەگریٚ

ناوەند مەبە

یا پێ بکەنە . . یان بگری .

✱ ✱ ✱

تشرینی ٢ ـ ١٩٧٣

## « تاسكه بروسكه »

ساتێك كه‌یادت ده‌كه‌م
هه‌ست ده‌كه‌م
دڵدارێكی ئه‌فسانه‌یی
بێ چێو رێم
له‌وه‌ته‌ی ئه‌م زه‌مینه
به‌ده‌وری رۆژدا . . ده‌گه‌رێ
من
له‌ده‌ورت
ده‌گه‌رێم .

كانوونی ۲ – ۱۹۷٤

## « نه‌ناسه‌ی »

— ۱ —

ئه‌و ساتانه‌ی – كه‌ پێم ده‌كه‌ی
ئه‌ی نه‌شمیله‌ی نه‌ناسراوی ، سه‌ره‌ رێكام
به‌نازی دوو دڵی‌و شه‌رم
چه‌پك . . چه‌پك
پرشنگی نازدارو گه‌رم
ده‌خه‌یته‌ باوه‌شی نیگام
منی شه‌یداش . .
هه‌ر به‌ده‌م وێڵی‌ی رێمه‌وه

ووڵو شەرسام

بەو داخی نەناسراوی یەت . . دەتلێمەوە
وەك سرپە پێك
هێواش . . هێواش
لەمەنگاوی رێبوارە بێ باکەکانی

دەورو پشتما
دەتوێمەوە
دەتوێـ . . مەوە

* * *

— ٢ —

ئەی نازدارە خنجیلانە . . نەناسەکە
بۆ شەوکاران . . !
کەخەیاڵت . . دەبێتە میوانی جێگام . .
یەك پارچە بینایی هیوام . .
باوەش . . باوەش . .
پڕ دەبێ لەڕووناکی و کام ! ! ؟
بە دوێنێ شەو . .
کە ڕۆژ بۆوەو . . زانیم تەنیام
تێر . . تێر
کریام
کریام؟ ! ! !

# « دووگۆرانی تر بۆ شووشەخان »

— ١ —

دلۆپی باران / نیشانەی بوونی / خۆرو دەریایە

خۆرو دەریاکان / نیشانەی بوونی / بارانی تیایە

تۆی خۆشەویستم

نیشانەی بوونی منی شەیدایە

منی شێتو وێڵ

نیشانەی بوونی تۆی کارەسایە

— سوێندت بۆ دەخۆم . . . بە

خۆشەویستیو

تۆو

منو

خۆرو

هەموو دەریاکان :

گەر جێم بهێڵی . .

هێز لەکەردوون‌دا . . دەبێ سەرنکوون

ڕەوتی تێك دەچێو

لەوێو پەت دەبێ . . معادەلەی بوون

* * *

— ٢ —

« هێشتا بەباشی نەمدیوی »

بۆ تیشکی زەردە خەتەکەت ، بووم بەزەوی و

هێشتا بەباشی نەمدیوی

لەدەوری لێوت گەڕام و

شەوو ڕۆژم پێکەوە دی

هێشیا بەباشی نەمدیوی .

* * *

بووم بەپەپوولەو هەڵفڕیم ، بەشەوارەی تیشکەکانی

چاوانتەوە

لەسەر چڵی هەر تیشکێکیان . . نیشتمەوە

شەیدای چڵەکەی تریان بووم

ئەم چڵ . . ئەو چڵ / ئەوچڵ . . ئەم چڵ

ماندوو بووم و بەکۆنات‌دا . . کە هاتمەوە . .

. . دیسانەوە بووم بەزەوی

لەدەوری لێوت گەڕام و

نەشەو . . نەڕۆژ . . هیچم نەدی

حوزەیران ـ ١٩٧٦

## « هەبێ و لە ڕێ بێ »

لەوەتەی بووی بەئاشنام
گوێم ئاشنای ، سەمفۆنیای عەنبری دەنگتەوە
کاڵتە بەمەرگی خۆم دەکەم .
لەوەتەی بووی بەدۆستی من
چاووم دۆستی ، بارانی تیشکی چاووتەوە
کاڵتە بەمەرگی خۆم دەکەم .

*   *

لەوەتەی بووی بەنیوەی من . . بووم بەنیوەت
ئەوساکەوە . . من بەڵێنم بەچاوت دا . .
مەیلەکانت لەجۆلانەی چاوەکانما ڕابژەنم
من بەڵێنم بەلێوتدا
زەردەواڵەی شەیتانی لێ بتەرێنم
لەوساکەوە . . کاڵتە بەدوو مەرگ دەکەم
هەر بەمەرجێ
ئەم کاروانی وەنەوشەیە . .
هەر لە ڕێ بێ

مایس - ١٩٧٦

## « قسەی منالەکە »

پرسیت ،

چۆن زانیم .. من تۆم خۆش دەوێ ؟

* * *

شەوێ .. تەلەفزیۆن

ئاهەنگێکی گەورەی گێڕا

چەند جوانێکم لێ هەڵبژارد

کە .. بەدڵمن .

منالێکی نەشمیلانە

لەولامەوە ووتی : «کاکە

ئەوانەی هەڵت بژاردن

هەر هەموویـان ..

لەفلان دەچن .

کانوونی - ١٩٧٦

# « باڵ - ی دوو دەنگ »

= لەچاوی ڕەشتا
کۆتری سپیم بەخێو کردو
نامەم پیا نارد بۆ دەریا
کەنامەی خوێندەوە . . ڕەش هەڵگەڕا
ووتی : هێشتا .

= لەزاو فرمێسکتا
ڕاوە زەردە خەنەم کردو
ناردمنە سەر شانۆی سام
کە سەمای باڵیان کرد . . زەرد هەڵگەڕام
تێر تێر گریام

* * *

× زەوی پۆلیس ، دەریا - ئەهەنگ ، ئاسمان - واشە
ئێمەو ماسیو پاساری . . چی بکەین باشە !
× سەمای باڵ .

* * *

- سام سامی گرت ، ترس . . ترسا
مردن خۆی کوشت ، گریان . . گریا

کەچی ئێوە ، وازتان لەسەما نەهێنا
+ واز ناهێنین .

✱ ✱ ✱

با مۆسیقا . . بتاسێ
هەموو ئالەتەکان بشکێنن
با شانۆکە ئاو بیبا
گلۆپەکان بخنکێنن
واز لەم باڵێیە ناهێنین

✱ ✱ ✱

ئەم نەفەسە ، سەمفۆنیایە . . نەك یاسین
ئەم چوار وەرزە ، هی سەمایە . . نەك تاسین

✱ ✱ ✱

. . . . . . . . . . .
. . . . . . . . . . . .
. . . . . . . . . . . .
. . . . . . . . . . . .

تشرینی ٢ ـ ١٩٧٦

# « ماسی و کۆتر »

( تاقیکردنەوەیێکی نوێ بۆ دانانی شیعری ئەلەکترۆنیک )

ئەتۆمی دەماسی‌ی بێ ڕوو

ئەتۆمی دوو کۆتری سپی‌ی دەنووک سووری چەقاوە سوو

کە کەیینە یەک

مۆلکیۆلێک - ن بزێو و ئاگر تێ بەربوو

هاوبەش - ن لەهەرچی دەبێ‌و هەرچی بێک بوو

بوونی ژیان . . لەم کەردوونە جەنجاڵ‌و زەبەندە

بە ئایۆن - یانەوە . . بەندە .

*　　*　　*

مەمکەکانت . . جووتێ کۆتری سپین

لەسەر دەریای کافوری سینەت هەڵ نیشتوون

پەنجەکانم . . کۆمەڵێ ماسی‌ی لاسارو چوختی‌و بێ ڕوون

هۆگریان بوون .

*　　*　　*

خاتوونەکەم . . هێمنی‌ی دەریا تێک مەدە

ئاشتی‌ی کەردوون مەشڵەقێنە

بەچاوی تۆ . . ئاشتی لەلای ڕەقیبەکان

هەر گفتەو هەر تف‌و جوێنە

بەچاوی تۆ . . نرخی ئاشتی

ئێستاش هەر بارووت‌و خوێنە
ماسی و کۆتر . .
خۆیان دۆستن ، نازی بەینیان . . مەشێوێنە

* * *

خەمەکانم . . چەپکێ منداڵی چاوکەشی برسی‌و ڕووتن
لێکدانەوەت . . ڕستێ بەفرو تۆف‌و تەرزەو ڕەهێڵەیە
با ڕوو ـ م لەسنگتا . . نوقم کەم
منداڵەکان بپارێزم
لەهەرچی ئازارێك هەیەو هانا بۆ . .
. . دەریای تۆببەم .

* * *

سیما ـ م لەدەریای سینەتا . . کەنوقم کرد
هەرچی هەستی گیانم هەیە . . خرۆشان
خۆنیشان دان ـ یان بەرپا کرد
بەرەو سیما ـ م کەوتنەڕێ . . داواکانیان
پێشکەش بەکۆتری دەریا کرد
کۆتر ووتی‌یە . . ماسی چاوکەش / ماسی ووتی : بمکرە باوەش
/ کۆتر ووتی . بمکرە باوەش

* * *

- بۆچی . . من پێش دوێنێ هەبووم ! !

دوێنێ بوو . . من خۆشم ویستی

لەوەتەی هەم خۆشم دەوێی

پێری نەبووم

* * *

دوێنێ بوو کە خۆشم ویستی

لەواتەی هەم . . خۆشم دەوێی

نەمووز ـ ١٩٧٦

# « چاو ڕەشەکەم »

کتێبی بەرگ سپتی خۆشەویستیم زۆر خوێندەوە
بەڵام .. کرێکارە بەرگ شڕەکان فێری دڵدارییان کردم

* * *

شەیدای چاوەکانتم و لەخەمی چاوەکانتا
ئێرۆدا دوای مەرگی ئەلێندی کەوتووە
شیعر دەخوێنێتەوە .
ئەل زەعتەر دەسووتێ و کەنفانی نیشتمان
بۆ ساوای ناو چادرەکان درووست دەکا .
سۆدان بەرگە خوێناوییەکەی مەحجووی لەبەر کردووە
سروودێکی نوێ .. بۆ ئەفەریقا دەڵێ .
لەوەتەی فاشیستەکان .. ڕەشەکان سەردەبڕن .
من لە دژیاناو زیاد لەجاران
شەیدای چاوە ڕەشەکانتم
هەر بەمەرجێ تۆ شیرین بی
تۆ شیعرێکی کۆمۆنیین بی
بینایی ببەخشیتەوە بەئەستێرە ساواکانی
ئەم هەرێمە

کانونی ٢ ـ ١٩٧٧

# « ڕاوە زەردە خەنە »

دەریام . . بەلام . . هەتا تۆی خۆر نەکەم بەئاشنا
بارانم لێ درووست ، نابێ .
فرمێسکی . . بەلام . . هەتا خۆت فێری ڕاوە زەرد خەنە . .
نەکەی . . بەمن ناکەی
منو تۆ لەئەفسانەی وەنەوشەدا ، دەست لەملانێن
بەلام لەکودۆی ئەم کاروانە . . دڵنیا نیم
لەوە دەترسم نەیەت
بێو بەتەنیا . . تۆ بەرێ
بێو بەتەنیا . . من بەرێ

✠ ✠ ✠

گیانە . . تۆ کچۆلەی شاعیرێکی
پێوانەکانی گەردوونی بۆ سەرو بن کردیو ووتی :
فەرموو لەبێستانی خەمەکانما
دروێنەی خەرمانی سەوزی هیواو وورەی ژیان بکە
ڕۆلە .. دەڕۆی ئۆغر .. بەلام گەر ڕۆژگارێ هاتیتەوەومن نەمابووم
خەمی نامۆیی خۆت نەخۆی . . شیعرەکانم ڕاسپاردوون
هەموویان بۆت ببن بەدەست ، هەموو ببن بەباوەشو
ئاوێزانی لەشە نەرمو نۆلەکەت بن ، ئەفسووی دەڕۆی

ئەی کچۆڵەی / گریانو خەندەو زریانو تیشک
ئەم شاعیرە جێمەهێڵە
ڕوومەکە هەوای بلوێری بۆ ڕژوواکان
شاعیر نەبێ . . کێ دەتوانێ . .
لەتەپو تۆزی خاندا . . خانوەی سەوزت بۆ دروست کا ؟
شاعیر نەبێ . . کێ دەتوانێ . .
گرووزەی دەستەپاچەیی . . بکا بە سروودی یاخی ؟
هەرشاعیرە . . لەفرمێسکی بێ کەساندا . .
گوڵ دەڕوێنێ
هەرشاعیرە . . چاوی بێ هیوایان بەتیشکی ئومێد
دادەگرسێنێ .

✱ ✱ ✱

مەڕۆو بزانە هەژارەکان بۆ ڕەنگ زەردن
بچۆ ماڵی پیاو ماقووڵەکانو بۆری ئاوی گۆشکەکانیان بکەوە
دەبینی نەوتی پیادێ . . خوێنی پیادێ

✱ ✱ ✱

ئەم شاعیرە جێمەهێڵە .
ڕوومەکە هەوای بلوێری بۆر ژوواکان
مەمکە سرکەکانت . . مەکە شاباشی پیاو ماقووڵان

✱ ✱ ✱

ڕۆڵە تۆ کاوڕباخیو یاخی بونی

کرێکارانی کۆمپانیای نەوتت نەدیوە

خوێنەکەیان ئەو ڕۆنەیە واچەرخی ماشینەکان

دەگەڕێنێ .

مەڕۆو تۆزێ گوێ بۆ دەنگی چەرخەکان ڕاگرە

سروودی چەرخەکان ببیستە :

« دڵدار . . خۆشەویستیو

کرێکار . . دەستیو

شاعیر . . شیعری . .

تەسلیم ناکا

تەسلیم نەبێ . . تەسلیم نەبێ . . تەسلیم نەبێ .

کانوونی ٢ ـ ١٩٧٧

# « پاشکۆی ببن بەتیشمك »

خوێنەوارانی ئازیز . . بەشی یەکەمی ئەم دیوانە ئەو شیعرانە بوون کە خوێندتەوە . . وەك لەسەرەتادا وتم « بەهەموو ناتەواوی یەکیانەوە » چونکە بەشێ شیعری بێ لەزەتو پەڕپووتی تیادایە کە بەرگەی ئەم چاوکرانەوەو پێشەکەوتنەی ئێستاناگرێ هیوادارم‌ووریایان بن والەم بەشەش‌دا .. ئەو شیعرە میللی‌یانە دەبینن کەهی بارێکی دەروونی تایبەتمن ـ بەلاّم سەرەڕای هەموو ناتەواوی پێك خۆشم دەوێن .

چونکە هەڵهێنجراوی هەندێ شوێنی میللی وەك مەیدانی ماست فرۆشەکانن کەتەمەنێکی زۆرمی تیادا ڕژاوە . ئەم شیعرانە پێشکەش دەکەم بەشاعیری میللی خۆشەویست . . هاوڕێم « مەدهۆش » .

# « عینوانلی »

لەجوانیی گەردنی بەرزت
تاکێ کۆتری « عینوانلی » م ڕاگرتبوو
ڕۆژێ لەسەربان بینیبووت . . بەیادتەوە
تێر گەردنیم ماچ کردبوو
زویر بووی لێم
ووتبووت : « زۆر عەیبە بۆ ئەو
ئەوکۆترەی خستۆتە جێم »
زویر مەبە
خاتوون . . عاشقێکم نەدار
بیستبووم باوکت ووتبووی مارەییتە
« هەزار دینار »
شیرینیم بوو بەژەهری مار
دەوەڵلاهی . . ئەوە یەك دانە هەفتەیە
« پاشەکەوت » م پارەی ئەو تاکە کۆترەیە
دەپێیم بلێ . . دەی چ قوڕێ لەسەر کرم
لەعەزرەتا . . مەگەر هەتا ڕۆژی ئەمرم
کۆتری عینوانلی ڕاکرم .

کانوونی ٢ ـ ١٩٧٤

## « فەرتـەنـە »

چی‌یە ؟ لەسەر چی زویری !
بۆ وا مەلوول‌و دڵگیری !
دەپێم بڵێ . . وا شەقم برد
کچێ خۆ من کفرم نەکرد
تەنیا داوای ماچێکم کرد !
کوایە . . هۆی ئەم فەرتەنەیە
هەر مەسەلەی ماچەکەیە ؟ !
ئێستا قیروسیا . . نامەوێ
دەئاشت بەرەوە . . قەزات لێم کەوێ

کانوونی - ۱۹۷۲

# « گلەیی »

لای کابراکەی بەینی خۆمان
پێستم گلەییت کردووە
ووتبووت : لای خۆی شاعیرە
کەچی هەتاوەکو ئێستا .
لەشیعرێکا
باسی منی نەکردووە

*　　*　　*

گلەیی یەکەت لەسەر چاوم . .
بەس پێم بڵێ :
جوانی و شیرینی و ناسکیت
بە چ شیعرێ باس ئەکرێ !
بە چ شیعرێ دەر ئەبڕێ !
لە کێلکو پاسووقو مێنۆ ، لەهەموویان بەتام‌تری
لەهەنگوین‌و کەزۆی خاویش ، شیرین تری
کچێ ئاخر . . شیعر لەکوێ بەرگە ئەگرێ ! !
باست لەکوێ بەمن ئەکرێ . .
خۆ من قەڵەمەکەم لاڵە . .
پەنجەم شکاوی خەیاڵە
وەسفی تۆ چۆن بەمن ئەکرێ
خوا نەنگرێ . .

# « کفر نەبێ »

ووتوویانە : خۆشەویستی

یار ویستنەو دڵ پەرستی

گەر ئەوە خۆشەویستی یە

بڕوا بکە . . لەچاو ئەوەی لەدڵمایە

خۆشەویستی . . هەر هیچ نی یە .

کچێ من جۆرێ تۆم ئەوێ

لەهەر شوێنێ باست بکرێ

هەناوم بۆت دائەخورپێ

لەناو یەك زەردەخەنەتا

ڕەنگی زەردم ئەتوێتەوە

گیانم لەنوێ ئەژێتەوە .

بەدەم یەك پێکەنینی تۆ

بەشی ساڵێ گەشە ئەکەم

بەیەك قسەی شیرینی تۆ

وەختە بەرو پۆ دەر بکەم .

کەپێم ئەڵێی « تۆم خۆش ئەوێ »

لەخۆشییا . . هەروەختە دڵم بکەوێ

چاووم ڕۆژێ کز بێبینێ
وەختە کوێرایێم دابێنێ
کفر نەبێ . . کفر نەبێ . . خوام نامێنێ .

کانوونی ٢ ـ ١٩٧٢

## « هەمووی هیچە »

خەپان گیان . . باسی چی بکەم ! !
جا چی ماوە ؟ چیت بۆ باس کەم !
هەتا ئێستاش . . دڵنیانیت لەمەیلەکەم ؟ !
خۆ بەجۆرێ . . حەزم لەچاووت کردووە
ئەسڵەن خۆشم حسابەکەم لێ تێك چووە
ئەرێ چۆنم لێ تێك نەچێ !
خۆ ئەم دڵە نەکبەتەی من ، بەجۆرێ دڵی تۆی ئەوێ و
وەها حەزی لێ کردووە
من خۆم هەتاوەکو ئێستا . . شتی وەهام نەبیستووە
ئەوە حسابەکەی منەو حەزم لێتە
چەتیو نەبی . . دڵم تەقی . . حەزم لێتە
. . نازانم . . باسی چی بکەم . . هەتا ئێستا دڵداری وام نەکردووە

گوایە . . زۆرە
کچی تۆ جارێ چیت دیوە ! چیت بیستووە !
باوەڕ بکە . . لەچاو ئەوەی لەدڵمایە
حەزو خۆشەویستی هیچە
ئەم قسانەش هەمووی هیچە
چەتیونەبی . . حەز حەزی چی ؟ !
لەچاو ئەوەی لەدڵمایە
ئەم دنیایەش هەمووی هیچە

کانوونی ٢ ـ ١٩٧٢

# « جورئەت »

کەسەکەم . . بۆ من نازانم وەها باوە
هەموو جۆرە دڵدارییەك کە کراوە
یەکەم هەنگاو . . هی کوڕ بووە
نازی کچی هەڵگرتووە
نامەیەکی داوەتێ . . پەڕو باڵی دەرکردووە ؟ !
من ئەوانە چاك ئەزانم ، بەڵاّم چی لەجورئەت ئەکەی
هەر کەچاوم پێت ئەکەوێ
قاچەکانم تێکەڵ ئەبن .
لە لەنجەکانتا وون ئەبم
هەر نازانم ڕێگام کوێیە
ئەوەم هەر بیر ئەچێتەوە
کەنامەی دڵداریم پێیە
نەکبەتیەکەش . . ئالەوایە
وەکو من ئەوە حاڵمە
دڵی تۆش وەها زاڵمە
کەهیچ نەبێ . . زەردە خەنەیە ناتکرێ
هاندەرم بێ .
بە بەرگی ئاوریشمینەوە لەبەردەمی منی لاتـا

نازی تیرێتی ئەفرۆشی کێ ئەوێرێ بێ بەلاتا
من خۆم ئەزانم کوێم پێشێ
بەو داخەوە ڕۆژێ ئەمرم
برینم گەییە سەر ئێسقان
ڕوویەکی خۆشی تۆم نەدی
کچێ عاسمان
کەتۆ بەوحاڵە ئەبینم
لەوە ئەچێ . . خۆم نەبینم
گرفانەکەم قوول تر ئەبێ
نەکو نامە . . هەر دەستیشمی
تیا ون ئەبێ
ئیتر جورئەت لەکوێ بێنم
نامەی گیرفانم دەربێنم ! !

شوبات ۱۹۷۳

« هونەرمەند عوسمان عەلی بەشێکی دەستکاری کراوی کردووە بەگۆرانی . . بەڵام لەوێ ئەو مەبەستەوون بووە کەمن ویستوومە کچێکی تێرو کوڕێکی برسیی هەژار مەداری شیعرەکەبن . »

## « ٣٦٥ شەو ـ ڕۆژ »

ساڵێکە من کوژراوی تۆم . . عاشقی تۆم . . سووتاوی تۆم
بۆ نیگایەك لەو چاوانەت . . ساڵێ ڕێ بەدواتا ئەڕۆم
کەچی تۆی جوان . . تۆی خانوزین . . تۆی وەك لەیلم
جارێ شەنی سەرنجێکت نایەی لە خەرمانی مەیلم
کچێ خۆئاسمان ناڕووخێ . . کچێ خۆ ئاگر نابارێ
دە هیچ نەبێ ئاقە جارێ . . لەکۆڵ شەیتان وەرە خوارێ
ئاوڕێك لەئێمەش بەرەوە . . ساڵ کەم نییە . . بیر کەرەوە
دەیەك نیگامان تێ بگرە . . چی ئەقەومێ . . گوایە کفرە ؟!
ساڵێکە من کوژراوی تۆم . . عاشقی تۆم . . سووتاوی تۆم
هەر کەچاوم پێت ئەکەوێ . . لە خۆشیا قەستە بوو خۆم .

مارت ـ ١٩٧٣

# « زۆرە ملێ »

مەم دوێنە . . من مەدوێنە . . مەم دوێنە
لەرقی من ناحەزەکانم بدوێنە
تا ئەتوانی بم بوغزێنە . . بم ڕەنجێنە
نامەکانم یەك لەدوای یەکتر بدڕێنە
کەمێت دی ڕووی خۆتم لێ وەر چەرخێنە
هەچی فرتو فێڵە هەمووی بەکار بێنە
ئینجا زیاتر وەکو بلبل بۆت ئەخوێنم
قوربان بەرەو ڕووم بهێنی ، واز ناهێنم
دەمێکە بۆ چاوەکانت پەرێشانم
شێتی عەیارێکی وەك تۆی خانو مانم
لەکوێ نەرمیو لەسەر خۆیی بەمن ئەکرێ
من خۆم سەرم لەبابەتی وەك تۆ ئەخورێ
بەچاوی تۆ من قەنیا یەك شت ئەزانم
من تۆم ئەوێو تۆش خۆتو شیری خۆت . . خانم
خۆشم ئەوێ ی . . بەکوردی یەکەی حەزم لێتە
بەخوا خۆشت بێو ترشت بێ . . حەزم لێتە .

نیسان – ١٩٧٣

# « ڕاوو ڕێوی »

جوانی لاسار . . بیرتە جەژنەکەی تر هاتم
ووتم کیانە . . ئەمە دنیایەو مردنە
جەژنانەکەم . . باماچێ بێ لەو گەردنە ؟
هەر ئەمەنە . . دەمم سووتا
ئیتر لێت کردم بەهەرا
وتت « چەند لەخۆی ڕازی یە . .
جەژنە یا جەژن نی یە . . چش
جەژن هەقی ماچی چێ یە . . ! !
ئەی خۆی ناڵە . . ماچت ئەوێ !
دەبێلاهی سوێت بێتەوە
دەستت بەر دەستم ناکەوێ . . . »
لەپڕ کاتێ بەخۆت زانی / . . یەك دانە ماچی وام کردی
لەدوایی یا . . وازم هێنا . . کەچی تۆ وازت نەهانی
ئێستاش مەڵێ :
ئەم ڕاوو ڕێوی یەی بۆ چی یەو بۆچی بیرم ئەخەیتەوە ؟ !
بەخوای جەژنەکەی ڕابوردوو . . دنیاشم لێ کۆکەیتەوە
ماچێکی کەم . . ئەوێتەوە .

کانوونی ٢ ـ ١٩٧٤

## چاپکراوەکانی شاعیر :

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ - فرمێسکو زەردەخەنە | شیعر | | ١٩٦٨ |
| ٢ - یەکەم هەنگاو | کۆمەڵە چیرۆکو پەخشانە | | ١٩٧٣ |
| ٣ - دڵدارانی شۆرش | کۆمەڵە چیرۆک | | ١٩٧٣ |
| ٤ - پێشوازی خاوەن شکۆو دوو چیرۆک نووس | لێکۆڵینەوەو رەخنەی بەراورد | | ١٩٧٣ |
| ٥ - بەن بەتیشک | شیعر | | ١٩٧٧ |

## لەژێر چاپدا :

١ - سەمفۆنیای وەنەوشە — شیعرە نوێیەکانی شاعر بەهەردوو زمانی کوردیعەرەبی لەیەک دیوان دا

سمفونية البنفسج — قصائدالشاعرالحديثه باللغتين الكردية والعربية فى ديوان موحد

٢ - کابرایێکی سەیر — - رجل غريب الاطوار - «شانۆی وەرگێراو» ناظم حکمت


نرخی ( ٣٥٠ ) فلســە

چاپخانەی کامەرانی ســلێمانی تەلەفون ٢٣٥٠٨

٢٠٠٠/١١٣ ١٩٧٧/١١/١٢

رقم الايداع فى المكتبة الوطنيه ١٩٧٧/١٠٢٢

لەسەر ئەرکی شـــێخ ئەنوەر خاوەنی کتێبخانەی نـالی لەچاپ دراوە